# شکۆدار بێ ٣١ی جۆزەردان، رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان،**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،**
**هاورێیان،**



٣١ی جۆزەردان رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، ڕەمزی سەرهەڵدانی باوەڕێکی نوێ، گوڕ و وزەیەکی تازەیە، دەنگی هەڵبڕاوی وەچەیەکی نوێیە، رۆژی گیانبەختکردنی یەکەم باسکی چەکداری کۆمەڵە و یەکەمین شەهیدی کۆمەڵە ـ هاورێی خوشەویست و تێکۆشەر کاك سەعیدی موعینی ناسراو بە خانەی موعینییە، یەکێکە لەو ڕۆژە گرینگانەی کە لە مێژووی شورشگێڕانەی گەلی کورددا شوێنێکی نەمر و هەتاهەتایی هەیە.

ئەمڕۆ ٣٠ ساڵ لەو کات و سەردەمانە تێدەپەڕی کە هاورێی ماندوویی نەناس کاک خانەی موعینی گیانی خۆی لە پێناو ئامانجە بەرز و هەرگیز نەمرەکەی، لە پێناو بەختەوەری خەڵکی هەژار و چەوساوەدا، لەپێناو دنیایەکی بەدوور لە چەوساندنەوە، لەپێناو ڕاشەکاوەمانی ئاڵای پڕ لە شانازی کۆمەڵە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کورد، وەک پێشەنگی لێبڕاوی ئەو خەباتە رزگاریدەرانەیە، بەخت کرد.

ئەمڕۆ نەک هەر رۆژی ڕێزگرتنە لە یادی ئازیز و خۆشەویستی کاک سەعید و سەردانەواندنە لە بەرامبەر ئازایەتی و لێبوردەیی ئەو رۆڵە بەئەمەگەی گەلی مەینەتدیتووی کورد و خەڵکی هەژار و چەوساوە، بەڵکو لە هەمان حالیشدا رۆژی ڕێزگرتنە لەو ڕێبازە ئینسانی و شۆڕشگێرانەیەی کە هاورێ خانە قۆلی خەبات و تێکۆشانی بۆ هەڵماڵیبوو. رۆژی ڕێزگرتنە لە سەدان ژن و پیاوی سوسیالیست و شۆڕشگێری گیانبەختکردووی دیکەی کۆمەڵەیە کە درێژەیان بە ڕێگای کاک خانە داوەوە و لە قۆناغەکانی دیکەی بەربەرەکانێ و خەباتی مان و نەمانیدا بە کاروانی هەرگیز نەمری گیانبەختکردووان پەیوەست بوون. هەروەها رۆژی ڕێزگرتن لە هەوڵ و ماندوویی بێوچانی هەزاران ئینسانی لە گیانبوردووە کە لەژێر ئالای پڕشکۆی کۆمەڵەدا، لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا بە ئەمەگ و ماندوویی نەناسانە هەموو توانای خۆیان لە پێناو ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانیان و لەپێناو لەگۆڕنانی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوانەشدا رۆژی ڕێزگرتنە لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لەو دایک و باوک و خوشک و کەسوکارانەی کە رۆڵە خۆشەویستەکانیان لە دەستداوە و هیوایان بە وەدیهاتنی ئاواتی پڕشکۆی رۆڵە خۆشەویستەکانیانەوە گرێ داوە. هەروەها رۆژی ڕێزگرتنە لە زیندانیە سیاسییەکان، لە کەمئەندامان و هەموو ئەو کەسانەی کە رۆژێک لە رۆژان بەردێکیان لەسەر بەردێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵە و گەشەساندنی ڕێبازەکەی داناوە.

ئەم رۆژە رۆژێکی لەبیرنەچووە، ریشەی لە چەقی مێژووی خەباتی بێئەوپەڕ و بەردەوامی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان لە دژی ستەم و سەرەرۆییدایە. ڕێز و خۆشەویستییەکەی لە ئاکار و کرگارەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خۆنەویستی و گیانبازیاندایە لە بوونی بێ سڕانەوی کۆمەڵە لە مەیدانەکانی بەکردەوەی خەباتی زۆرلێکراوان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دایە، دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەو هێزە و بۆ ئەم بیرەوەری و یادگاریی و فیداکارییە گەورە و لە بیر نەچوانەی کە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شوێن خۆی بە جێی هێشتووە:

پێشمەرگەی کۆمەڵە بە هەموو توانای خۆیەوە پشتیوانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بوو، لە شوێنی ژیان و لە کار و لە مەزرادا هاودەم و خەمخۆریان بوو، بە تەنگ ئێش و ئازارەکانیانەوە بوو، بەرابەری ژن و پیاوی دەویست و دژ بوو بە یاسا و دابونەریتی گەندەڵ و دواکەوتوانەی کۆمەڵگا، ریزەکانی خۆی لە گەندەڵی و ملبەملەی پاوانخوازی و دەسەڵاتویستی دەپاراست، خەباتگێڕێکی بێوچان بوو لە بەرامبەر سەرەرۆیی و دەسەلاتی ملهورانەی دەسەلاتداران، توانای خۆی تەرخان دەکرد بۆ گەشەدان و برەوی پێشکەوتوویی و راوەستان لە بەرامبەر زۆرداری و چەوساندنەوە، مزگێنیدەری دنیایەکی بێ بەری لە ستەم و زۆرداری بوو، جەنگاوەرێکی ماندوویی نەناسی سڕینەوەی ستەم و زۆرداری نەتەوەیی بوو، دۆستانیەتی نێوان نەتەوەکانی دەخواست و بەگژ شونیزمدا دەهاتەوە ... ئەمانە و گەلێکی دیکەش لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەبون، ئەگەرچی لێرەولەویش کەموکوڕی و ساوایی دەبیندران بەڵام تایبەتمەندییە گشتییەکان هێندە زەق و بەرچاو بون کە جێگایان بە کەموکوڕییەکان لێژ دەکرد.

ئێستاش چەرخی ئەم ڕەورەوەیە لە گەڕدایە و دەکرێ و دەبێ ئەزموونەکانی پێشمەرگەی دوێنێی کۆمەڵە و توانا و گوڕی وەچەی ئەمڕۆ پێکهەڵپێکرێ و دیوارێکی قایمتر و شورایەکی گەلێک پتەوتر بۆ داتەپاندنی دنیای زۆرداری و کۆنەپەرستی ئیسلامی بنیات بنرێ.
دەگوترێ چاکترین ڕێز لە گیانبەختکردوان درێژەدانی ڕێگایانە، با شکۆدار بێت ڕۆژی ۳۱ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە و با ڕێگای گیانبەختکردوانیش پڕ ڕێبوار بێت.

**هەر بژین و سەرکەوتوو بن**

**۳۱ی جۆزەردانی ۱۳۸۷**

**دەستەی نوێنەرایەتی کۆمەڵێک لە کادر و ئەندامانی پێشووی کۆمەڵە**